# داگیرکارێکی خوێنشیرین

**حەمەسەعید حەسەن**

هەموو دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر پێویستی بە سێ (شین) هەیە، (ش)ێخ و (ش)یر و (ش)اعیر، شێخەکە بۆ بە کافر ناودێرکردنی نەیارانی، شیرەکە بۆ پەڕاندنی ملی ناحەزانی و شاعیرەکەش بۆ ستایشکردنی سەروەرییەکانی! **بۆ ئەوەی گەل ببێتە مێگەل، شێخی دەربار، خەڵک فێری ملکەچی دەکات و شاعیری دیوەخانیش، میللەت فێری هونەری ستایشکردنی دیکتاتۆر دەکات.** ئەگەر چی زوو یان درەنگ، ڕاپەڕین کۆتایی بە ژیانی ئەو جۆرە دەسەڵاتە دەهێنێت، وەلێ کارەسات ئەوەیە، دەسەڵاتی تازەیش هەمان مێتۆدی فەرمانڕەوایی دووبارە بکاتەوە. (١)

چونکە تەنیا بە ڕووکەش ئازادین و لە ڕاستیدا لە زینداندا دەژین، لە زیندانێکدا کە هەر یەکێک لە ئێمە بە ویستی خۆی بنیاتی ناوە، زیندانێک کە هەر ئێمە لەودا ناژین، ئەویش لە ئێمەدا دەژی. زیندانێک ڕوو لە هەر کوێ بکەین، لێمان جیا نابێتەوە، لە زێدی خۆمان بین یان لە تاراوگە، هەر لەگەڵماندایە، ئاخر ئەو زیندانە، ناخی کردووین بە هێلانە. ئێمە کە خۆمان بە ئازادیخواز دەناسێنین، لە ڕاستیدا (وەردیان)ین،(*) وەردیانی زیندامی نێو خودی خۆمانین. ئێمە کە خۆمان بە قوربانی دەزانین، لە ڕاستیدا جەللادین، میرغەزەبی خودی خۆمانین، ئەوە ئێمە خۆمانین باڵی کۆتری وشە بوێرەکانی خۆمان دەکەین، ئێمە هاوزەمان شمشێر و جەللاد و قوربانین. **ئەوە ئێمە خۆمانین، لە ترسی ئەوەی فەرامۆش نەکرێین، لە ترسی ئەوەی بەر نەفرەتی دەسەڵاتدار نەکەوین، هەمیشە باسی توێکڵ دەکەین، قەت توخنی کرۆک ناکەوین.**

کە سەرچاوەی داهێنانی شاعیر وشک دەکات، تووشی خەمۆکی دەبێت و هەمان هەستی ئەو ژنەی هەیە کە دەگاتە ساڵی نائومێدی. چی لەوە ناخۆشترە، شاعیرێک هەست بکات، پلووسکی بەهرەی چۆڕبڕ بووە. هەمەنگوای کە هەستی کرد، توانای نووسینی نەماوە، خۆی کوشت. **ئەی نووسەر، ئەگەر لە دەسەڵاتی سیاسی یان ئایینی دەترسیت، دەستبەجێ واز لە نووسین بهێنە!** ئەی نووسەر هەر کە هەستت کرد، ترس خەریکە داگیرت بکات، **وڕە بەر مەدە! بە نووسین بە گژ ترسدا بچۆوە!**

ماڵی نووسین هەمیشە ئاوەدانە، هەر کە لە ئەنجامی ترسەوە، دەستبەرداری نووسین بوویت، ماڵی دڵت، وەک ئەو ماڵە چۆڵەی لێ دێت کە ئەگەری ئەوە هەیە، جنۆکەی لێ بێت. **لە چەکدار مەترسە! لە زۆردار مەترسە! لە زیندان مەترسە! تەنیا لەوە بترسە، گوڵی نووسینی ئەمڕۆت، لەوی دوێنێت، گەشتر نەبێت.** هەموو شتێک بکە، تەنیا خوێنەرە ڕاستەقینەکانت نائومێد مەکە! **هەمیشە لە سەنگەری ژندا بە! هەموو دنیا دژت بێت و تەنیا یەک ژنت لە پشت بێت، هەست بە نائومێدی ناکەیت.** ئەی نووسەر، خۆت لە کۆڵانە تەسک و تاریک و دەرنەچووەکانی تیۆریدا بزر مەکە! ئاخر ئەوە نیشانەی هەڵاتنە لە واقیع. ئەی نووسەر! بە گوێی دانتێ بکە! بەشێک لە توانای خۆت، بۆ جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بە گەڕ بخە! ئەی نووسەر لە (واڵتەر بینیامین)ەوە فێر ببە، حەقیقەت ئەگەر هەبێت، تەنیا یەک ماڵی هەیە، ئەویش ماڵی زمانە.

ئەی نووسەر، هیچ گوێ مەدە ئەوەی، ڕەحمەتت بۆ دەنێرن، یان نەفرەتت لێ دەکەن، زۆربەی نووسەرە نەمرەکانی

دنیا ، لەسەر وەختی ژیانیاندا ، کەم و زۆر سووکایەتییان پێ کراوە. بێجگە لە گوشاری ناخی خۆت، سەر بۆ هیچ گوشارێکی دیکە نەوی مەکە! با نووسینت زایەڵەی هاواری ناخی خۆت بێت! دۆزەخییەکی هەمیشەیی بە ، نەک بەهەشتییەکی ڕەوتەنی. خۆت لەگەڵ نیمچە داددا ڕامەهێنە، تا دوا وشە، چاو لە دادی تەواو ببڕە! جاران ئەفریکاییبیەکان بە تۆپزی، بە کۆت و پێوەندکراوی، بۆ خۆرئاوا دەبران، بۆ ئەوەی لەوێ کاریان پێ بکەن، هەنووکە خۆبەخشانە، بە مەبەستی کارکردن، ڕوو لەوێ دەکەن، ئەوسا قەساب بەرەو سەربڕینی دەبردن، ئێستا خۆویستانە دەچنە بەردەمی چەقۆی قەساب، ئەی نووسەر، نە ڕۆڵی قەساب ببینە، نە هی مەڕ، بە گژ هەڵوێستی هەردووکیاندا بچۆوە، واز لە هەموو شتێک بهێنە، لە ئازادیی خودی خۆت نەبێت. سازشێکی دادپەروەرانە، نە بووە و نە دەبێت، هەمیشە سازش بە زیانی لایەک تەواو دەبێت، ئەی نووسەر، لە هەموو سازشێکدا، هەمیشە لایەنی دۆڕاو تۆیت.

ئەی شاعیر، هەر کە خودی خۆت ناسی، ئیدی هەست بە نامۆیی دەکەیت، ئەمە چارەنووسی تۆیە ، ناتوانیت لێی هەڵبێیت، ئەگەر خودی خۆت ناسی، ئیدی بۆ هەر کوێ بڕۆیت، نامۆیی هەرگیز لێت جیا نابێتەوە. ئەی شاعیر، بەردەوام لەگەڵ ساختەدا ناکۆک بە! بە گژ ساختەدا بچۆوە! دژی دەمامک بە! خۆت وا نیشان بدە کە هەیت، نەک وەک ئەوەی زۆربە دەخوازێت. باسی ژیانی ڕۆژانە مەکە، یان کە کردت، ژیانێکی نوێی پێ ببەخشە. ئامۆژگاری مەبەخشەوە، ئەگەر نا لە شاعیرەوە دەبیت بە واعیز. ئەی شاعیر، نە بۆ نەخوێندەوار بنووسە و نە بۆ ئەوانەی دەخوێننەوە و تێناگەن. ئەی شاعیر، خەم مەخۆ، چ قەیدی لە واقیعدا بە هیواکانت شاد نابیت، خۆ هیچ نەبێت لە شیعردا پێیان دەگەیت. ئەی شاعیر تۆ داگیرکارێکی خوێنشیرینیت، هەر وڵاتێک داگیر بکەیت، خەڵکەکەی بیر لە ئازادی ناکەنەوە. ئەی شاعیر بە چڕیی بنووسە! لە کورتی بیبڕەوە! با ناوقەدی بووکی شیعرت باریک بێت، نەک ئەستوور، با شیعری کورتت بە زۆرترین مانا ئاوس بێت، نەک شیعری درێژت، هەڵگری کەمترین مانا بێت. با لاپەڕەی دیوانت سپی نەچێتەوە، ئاخر ڕەنگی سپی، کفن، بیری خوێنەر دێنێتەوە.

٢٠٠٧/٨/١١

(١) محسن عبدالعزیز، الاستبداد من الخلافه الی الرئاسه.

(*) پاسەوانی زیندان.